کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

# پەند وەرگرتن لەڕابوردوو

ئەحمەد دەشتی



دیارە کە گەلی کورد بە درێژایی مێژوو لە سەر خاک و ناو لانەی خۆی دا سالەهای سالە دەچەوسێتەوە،لەگەل ئەو هەموو پەلامارو ماف لێ داگیرکردن و هەولی لە ناوبردنی گەلی کورد بە هەموو شێوەیەکەوە کورد هەر مایەوەو لە ناو نەچوو،ئەو هەموو پەلامارو کوشتن و بڕین و هەولی جینۆساید کردنی نەیارانی کورد دادی نەدان،ئەوان دوژمنانە نەیان توانیوە کە بە ئارەزوە دیرینەکانی خۆیان بگەن و گەلی کورد بۆ هەمیشەلە ناو بەرن،شتێکی ڕونیشە کەهەردەم لە هەموو ڕۆژگارو ساتێکیش دا دکتاتۆرو مرۆڤ کوژەکان وداگیرکەران نەیانتوانیوە کە بۆ هەمیشە سەرکەوتووبن و دەنگی ڕەوای گەلانی ئازادیخواز کپ بکەن، بەلی ڕاستیان گوتووە کە دەلێن زولم و زۆرداری تا سەرنیەومرۆکوژ و دکتاتۆرەکان ئاکامی ژیانیان هەر لە ناو چوونە، دیارە کە لەسەر هەموو گۆی ئەم زەویەدا لە دیر زەمانەوە تا ئەمڕۆ هەموو ئەوانەی کە هەولی لە ناو بردنی گەلانیان داوەو دەستیان بە خوێنی مرۆڤ سور بووە،لە ئەنجام دا توشیان بە مەرگ و نەمان هاتوەو ناویشیان وەک تاوانبار و دژ بە مرۆڤایەتی چووەتە ناو زبلدانی مێژووەوە، ئەمڕۆکە و هەموو سات و داهاتوەکی ئایەندەش هەر هەمان ڕیبازو ڕێڕەوە کە دکتاتۆرو زۆردار و مرۆکوژەکان و چەوسێنەران نامینێن و هەرگیز نکارن کە بۆ هەتایە لە زولم و زۆرداری و لە نارەوایی کردنیان دا دژ بە گەلانی ئازدیخواز سەربکەون و بە ئامانجە گلاوکانی خۆیان شاد بن، دیارە کە لە ئاکام دا هەر دکتاتۆر و جنایتکار و مرۆکوژانن کە بە هەر شێوەیەک بن،ئەوا شکەست دەخۆن و لە ناو دەچن. هەرچەندە کە گەلی کورد هەتا ئەم ساتەش لە ناو مال و حالی خۆی دا نەیتوانیوە کە لە ژێر چنگی ئەوان داگیرکەرو هەست بۆگەنانەی دژ بەکوردو کوردستان ڕزگار و ئاسودە ببێت، کوردلە ناو زێدی باوک و باپیرانی خۆی دا بەئارامی و ئاسودەیی بژیت و وەک گەلێکی خاوەن قەوارەی نەتەوایەتی خۆیەوە بۆ هەمیشە لە ژێر چنگی ئەو دڕندانەی دیرۆکی ڕزگاری ببێت،بەلام گەلی کورد قەت نەمرد و هەر مایەوەوە و قەتیش نامرێت،ئەگەر بڕوانینە ڕابوردوەکان و بە باشی لێکی بدەینەوە،ئەوا دەبینین کە هۆکارەکان چین و بۆچی کوردیش لە سەر خاکی خۆی دا نەبۆتە خاوەن کیانێکی میللی خۆی و هەمیشە بە دەستی دەورو بەرانی خۆیەوە بە زۆر شێوەو بە زۆر ناوەوە ئەوپەڕی زولم و زۆرداری لێ کراوە، کوردستان هەتا ئەم ساتەش خاپورو وێرانە ماوە،دوژمنان خاکی کوردیان تەعریب و داگیرکردوە،ئەمەش وەنەبی کە خودی کورد لە بەرامبەر ئەو هەموو ڕوداوە تالانە دا کە لە خودی خۆی کراوەو لیی دەکرێت بێ گوناه بێت و لێیەوە دوور بێت و هۆکارێکی بروونی نەبێت کە هەر ئاوا ماوینەتەوە، تا ئەم ساتەش ئێمەی کورد نەمان توانیوە کە کارێ بکەینلەم هەموو کارەسات و میحنەت و ئاوارەییو ئازارەکانی ژێر دەستەیی ڕزگار ببین، هەروەک بە درێژایی مێژوو وا بوینە و ڕزگاریمان نەبووە،ئەمڕۆش هەر ئاوا ماوینەتەوە،گەلی کورد تا ئەم ساتەش بە بوونی قەوارەیەکی نەتەوایەتی خۆیەوە وەک هەموو گەلانی دەورو بەرو جیهان شاد نەبووە،ئەمەش هۆکارێکی خۆمانی تیا دایە کە نەزان و سادە دلین، دەبینین کە گەلانی دەورو بەری کوردستان سالەهای سالە خاوەن وەلات و سەربەخۆیین و دینیشیان کردە ڕیگایەک بۆ خزمەت بە خۆیان، بەلام داخەکەم کە ئێمەی کورد نەمان توانیوە وا بین و ئاوا خاوەن وەلات و نیشتمانی خۆمان بین و چارەنوسی خۆمان لە دەستی خۆمانەوە بێت و هەموو شتێکمان بۆ کوردستان بێت،دیارە کە هۆکارەکانی نەگەیشتن بەم مافە ڕەوایەی نەتەوایەتیمان جا چە هۆکاری دەرەکی یان هۆکاری ناوخۆیی

بێت ڕوون ئاشکران و دیارن کەچین، دەبینین کەهەمیشە دوژمنانی گەلی کور لە پیلان و ناڕەوایی کردن و ماف لێ داگیرکردنی کوردستاندا دان و بە هەموو شێوەیەکی نامرۆڤانە هەولیان داوە،لەو بوارەشەوە تا رادەیەک سەرکەوتوون لە پەلاماردان و دڕندەییان بەرامبەر بە گەلی کورد و دوا خستن و ماڵ ویرانی کورد، دەبینین کە چۆن خاکی کوردستانیان لەت لەت وداگیر کردووە،چۆن گەلی کوردیان چەوساندۆتەوە،هاتوون بە هەزاران هەزار لە ڕۆلەکانی گەلی کوردیان لە ناو بردووە،نیفاق و دوبەرێکیان چاندووە، هەرگیز دانیان بە مافە ڕەواکانی نەتەوایەتی گەلی کورد دا نەهیناوە،تا ئەم ساتەش بە هەموو شێوەیەک هەولی داگێڕکردن و لە ناو بردنی گەلی کورد دەدەن، لێ ناگەڕێن کە کورد لە لانەی خۆی دا بە ئاسودەیی بژیت و چیتر دەستی تاوان و زۆرداریان بۆ خاکی کوردستان درێژ نەکەن، مافە ڕەواکانی گەلی کورد کە وەک هەر مرۆڤێک لە سەر خاکی خۆی دا مافی ژیانی ئازادی و سەربەخۆیی خۆی هەیە دانی پیا بنێن،کەچی دەبینین ئێمەی کوردیش هەروا بە باوەڕە کۆن و پڕ لە زیانەکانمان بە دوژمنان،هەر ماوین، هەستی نەتەوایەتیمان بەو ڕادەیەوە نیە کە بە یەکجارەکی بڕیاری جیا بوونەوە لەوان داگیرکەرانە بدەین. بە داخەوە کە خۆشمان لە زۆر بوارانەوە دەستێکی بالامان هەبووە و هەیە کەلە ئاست نەزانین و خۆ بە کەمتر لە خەڵکان زانین دەستمان درێژە،کە زۆر جاران دیومانە لە ئاستی ڕوداوەکانی بە سودی نەتەوایەتی خۆمان نەبوینە،وەک شاعیر دەڵیت (تاجی ئیستقلال بێ سەرچوو چە نەفعیکی نەدا چەققەلوولە بابەڕۆ پشتم شکا رۆژی نەدەم) بەڵی لە هیچ کاتێک دا پەشیمانی داد نادات و دەبێ ئێمەی کوردیش بە یەکگرتن و زانست و زانین لە ئاست روداوەکانی ئەمڕۆی کوردستاندا بین و دەست و پەنجەی نەزانین ببڕین،ڕیگا لە مشەخۆرو گەندەلکاران و خیانەتکاران بە گەل و نیشتمان نەدەین، لێ نەگڕێین کە جارێکی تر  هەلە مێژووییەکانمان بۆ چەند پات ببێتەوە، ئەمجارەش دوژمنانی کورد لە تازی و تورک و عەجەم بینەوە کوردستان و دیسانەکە کوردستان بشێلنەوە، دیسان خوێنیشەهیدە نەمرەکانمان و هەوڵ و خەباتی قارەمانان و دڵسۆزانی کورد بە فیڕۆ نەڕواتەوە، ئەمجارەش توشمان بە کارەسات و شکەست نەکەنەوە،دەبێت لە ڕابوردووەتاڵەکان پەند وەر بگرین، دڵسۆزانە وکوردانە و مەردانە ڕێگا لە هەموو گەندەلکاری و دوژمنان و پیاو خەراپان و خائینان و هەڵبازان و بازرگانان بگرین، بە شێوەیەک هەمیشە کوردستانمان بەلاوە لە هەموو شتیکەوە لە لا مەزنترو گەورەتر بێت، کارێ نەکەین ئەم هەلە مەزنەی ئەمڕۆی کوردستانمان جارێکی تر وەک ڕابردوە تالەکانمان لە کیس بڕوات و دیسان ئاورەو دەربەدەر ببینەوە، دەبێ ئەو بزانین و هەر ئەقلە لە خەسارێ فێربین.

## منیش مرۆم

منیش مرۆم ســـەربەخۆیی کوردم دەوێ
وەکگشت گەلان مافی بوونیخۆمم دەوێ

دەبێ منیش خاوەن خاکی سەربە خۆ بم
دوور لە چنگی داگیـــرکەران ئازادە بم

تا ئەو دەمەی سەربەخۆیی کوردم نەبێ
قەت ئاسودەو کوردســـتانی شادم نابێ

تازیورۆمی وعەجەم وێکران‌دێنە سەرم
داگیردەکەن،لە ناو دەبەن،کوردپەروەرم